نێچیرڤان بارزانی لەبارەی رووداوی ئاگرکەوتنەوەکەی کوت: هاوبەشی خەمی قوربانییەکانین ماڵباتی



سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەیامی هاوخەمی ئاراستەی ماڵباتی قوربانییانی رووداوی ئاگرکەوتنەوەکەی شەوی رابردووی کوت دەکات و دەڵێت: "لەم کەستە گەورەیەدا هاوبەشی خەمی قووڵی کەسوکاری قوربانییانین."

ڕۆژی پێنجشەممە، 17ـی تەمموزی 2025، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەیامێکی هاوخەمیدا لە تێڵی ئێکس رایگەیاند: "بە خەم و پژارەییکی قووڵەوە، چاودێری ئەو کارەساتە ئازاربەخشەمان کرد کە بەهۆی ئاگرکەوتنەوە لە سەنتەرێکی بازرگانی لە شاری کوت ڕوویدا. کە بووە هۆی گیانلەدەستدانی دەیان هاووڵاتی و بریندارببوونی ژمارەیەکی دیکە."

نێچیرڤان بارزانی لە پەیامەکەیدا باسی لەوکردووە کە "لەم کەستە گەورەیەدا، دەمان لەگەڵ خانەوادەی قوربانییاندایە و هاوبەشی خەمی قووڵ و کارەساتە گەورەکەیانین."

"لە خوای گەورە داواکارین کەچکردووان بخاتە بەر بەزەیی فراوانی خۆی و سەبووری و دڵنەوایی بە

کۆسوکاریان ببەخشێت، هیوای چاکبوونەوەی خێراش بۆ بریندارەکان دەخوازین." سەرۆکی هەرێمی کوردستان وای گوت.